Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.5.11

# ڕۆڵی زمانەوانیی پەروەردەیی لە فێربوونی زمانی کوردیدا، قۆناغی بنەڕەتی بە نموونە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Amir Muhammad Muhammadamin
amir.muhammadamin@su.edu.krd

**ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین/** بەشی زمانی کوردی،کۆلێژی پەروەردە _ مخموور، زانکۆی سەلاحەدین _ هەولێر، هەرێمی کوردسان، عێراق

RECEIVED :30 /11/2024
ACCEPTED :23/02/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆلی زمانەوانیی پەروەردەیی لە فێربوونی زمانی کوردیدا، قۆناغی بنەڕەتی بە نموونە)یە، گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە پێویستە زمانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتیدا لە سەر بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی، وەک (فێربوونی زمان، پلان و پرۆگرامی خوێندن، پەیوەندیی فێرخواز و مامۆستا، بینین و بیستن، گوتن، خوێندن و نووسین...هتد) لە سەرجەم بابەتەکان تەنیا بە زمانی کوردی بێت.

سنووری ئەم توێژینەوەیە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی یەک و دوو) لەخۆدەگرێت، کە دەکاتە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، تاکو شەشەمی بنەڕەتی و کەرەستەکانیشی لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردییە و تویژینەوەکە داوا دەکات، کە فێرخوازان لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەی زمانەوانیی پەروەردەییەوە، لە قۆناغی بنەڕەتیدا بەتەواوی لە ڕووی خوێندنەوە و نووسینەوە فێری زمانی کوردی بکرێن. هەربۆیە ڕێبازی وەسفیی شیکاری لە بەر ڕۆشنایی بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی پەیڕەوکراوە و ڕۆلی زمانەوانیی پەروەردەیی لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستاندا بریتییە لە فێرخواز و مامۆستا و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**وشە سەرەکییەکان:**
زمانەوانیی پەروەردەیی،
فێرخواز،
فێربوونی زمان،
زمانی کوردی،
فێرکردن ،
مامۆستای کارامەی زمان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە لە بواری زمانەوانیی پەروەردەییدایە، جەخت لە سەر خوێندن بە زمانی کوردی، وەکوو زمانی نەتەوە لە قۆناغی بنەڕەتیدا دەکاتەوە و پێی وایە، کە خوێندن بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا وا دەکات، کە نەوەیەکی زمان پاراوی کوردی پێبگەیەنێت و زانست و زانیاری بە زمانی خۆی بخوێنێت و شوناسی نەتەوەیی بپارێزێت.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی زمانەوانیی پەروەردەیی لە فێربوونی زمانی کوردیدا، قۆناغی بنەڕەتی بە نموونە)، تاکو ئێستا توێژینەوەیەک بەم ناونیشانە بە شێوەی زانستی نەکراوە. ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە، لە دووبەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم باسی هەندێ لایەن لە زمانەوانیی پەروەردەیی دەکات، کە بابەتەکانی زمان و زمانەوانی، زانستی پەروەردە، سەرهەڵدانی زمانەوانیی پەروەردەیی، پێناسەی زمانەوانیی پەروەردەیی، ڕۆڵی زمانەوانیی پەروەردەیی، گرفت و ئاکارە گرنگەکانی زمانەوانیی پەروەردەیی، پەیوەندیی زمانەوانیی پەروەردەیی بە زانستی ترەوە، زمانی کوردی، وەکوو زمانی نەتەوە، لەخۆدەگرێت.

لە بەشی دووەمدا باس لە فێربوونی زمانی کوردی بە پێی بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی دەکات، کە لە بابەتەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستاندا، زاراوە و پێناسەی فێربوون، بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی، فێربوونی زمانی کوردی، پلان و پرۆگرامی خوێندن، پەیوەندی فێرخواز و مامۆستا، خوێندن بە زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتیدا ، دەنگ، پیت و شێوازی نووسینی پیت، بینین و بیستن, گوتن، نووسین، خوێندنەوە و تاقیکردنەوە پێکهاتووە. لە کۆتاییدا ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەیەک بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە، لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی ئەنجامدراوە و ڕێبازی وەسفیی شیکاری پەیڕەوکردووە و سنووری ئەم توێژینەوەیە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی یەک و دوو) لەخۆدەگرێت، کە دەکاتە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، تاکو شەشەمی بنەڕەتی و کەرەستەکانیشی لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردییە و تویژینەوەکە داوادەکات، کە فێرخوازان لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەی زمانەوانیی پەروەردەییەوە، لە قۆناغی بنەڕەتیدا فێری زمانی کوردی بکرێن. ئەم توێژینەوە ئامانجییەتی، کە تەنیا زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتیدا لە سەرجەم بابەتەکان پەیڕەوبکرێت، ئەویش بۆ دوو مەبەستە، یەکەمیان بۆ ئەوەیە، کە فێرخوازان زمانی کوردی بە شێوەیەکی تەواو لە ڕووی خویندن و نووسینەوە فێربن و لە ئاوزیاندا جێگیرببێت، کە ئەمەش وا دەکات فێرخوازان هەست بە بوونی نەتەوەیی خۆیان بکەن. مەبەستی دووەمیش زانست و زانیاری لە سەرجەم بابەتەکاندا بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ وەربگرن، ئەمەش وا لە فێرخواز دەکات، کە لە داهاتوودا داهێنان لە بابەتە جۆراوجۆرەکاندا بکات.

هەروەها توێژینەوەکە، دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارەش بداتەوە:

_ ئایا ڕۆڵی زمانەوانیی پەروەردەیی لە فێربوونی زمانی کوردیدا، لە قۆناغی بنەڕەتی چییە؟

_ ئایا بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە لە فێربوونی زمانی کوردیدا، لە قۆناغی بنەڕەتی پەیڕەودەکرێت؟

_ ئایا خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا، تەنیا بە زمانی کوردییە، یاخود زمانی تریشی لەگەڵ دەخوێندرێت؟

## یەکەم: هەندێ لایەن لە زمانەوانیی پەروەردەیی

### 1_1_ زمان و زمانەوانی:

زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی پەروەردەدا دەبینێت، زمان، وەکوو دیاردەیەک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەژمار دەکرێت، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، فێرخوازانیش بەشێکن لە پێکهاتەی ئەم کۆمەڵگەیە. بەم جۆرە (زمان بریتییە لە ئامرازێکی سەرەکی، کە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەڕێوەدەبات و لە چوارچێوەی پەیوەندییەکاندا بۆ زۆر بواری جیاواز و کەلتووری بەکاردەهێنرێت)(کرامش، 2010: 15). واتە؛ لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و لێکتێگەیشتن لە نێوان ئاخێوەران دروستدەبێت، هەربۆیە زمان کەرەستەیەکی زمانەوانییە و زمانەوانیش بە شێوەیەکی ورد و زانستی کار لە سەر زمان دەکات.

تاكو ئێستا چەندین پێناسەی جۆراوجۆر لە بارەی زمانەوانییەوە کراوە و لێرەدا بە پێی پێویستی هەندێ لەم پێناسانە دەخەینەڕوو:

_ (زمانەوانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە لە زمان) (Crystal, 1992: 231).

_ (زمانەوانی بریتییە لەو زانستەی، کە توێژینەوە لە زمان و ئاست و لایەنە جیاوازییەکانی دەکات)(الخولي، 2000: 25).

_ (زمانەوانی ئەو زاراوەیە، لە گشت ئاستەکانی زمان، کە پێکهاتوون لە دەنگ و ڕێزمان و واتا و لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کارەکی دەکۆڵێتەوە)(سەعید، 2011: 6).

لێرەدا پێناسەیەکی تری زانستی بۆ زمانەوانی دەخەینەڕوو:

_ زمانەوانی توێژینەوەی زانستی لە بارەی کەرەستەکانی زمان لە ئاستی جیاجیا دەکات و کەلێن و زانیارییەکانی زمان دیاریدەکات.

بە شێوەیەکی گشتی لە زمانەوانیدا ئاستەکانی زمان ڕۆلی بنجییان لە فێربوونی زماندا هەیە، کە فێرخواز چۆن ئەم دەنگە دەردەبڕێت و چۆنی دەنووسێت، هەروەها چۆن ئەم وشانە گۆدەکات و چۆن دەیانووسێت ...هتد، هەڵبەتە، کاتێک توێژینەوە لەم بوارانەدا دەکرێت، توێژینەوەکە جیاواز دەبێت، بەم شێوەیە زمانەوانی لە سەرجەم زمانەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و زانیاریی و کەلێنەکانی دەخاتەڕوو، ئینجا ئاست و کەرەستەکانی زمانەکان شیدەکاتەوە و لێکیدەداتەوە و بە شێوەیەکی بابەتییانە باسیاندەکات.

## 1_2_ زانستی پەروەردە:

سەرەڕای ئەوەی زاراوەی پەروەردە، چەمکێکی گشتگیرە لە بوارە پەروەردەییەکانی ژیانی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت. ئەم زاراوەیە، بۆ بواری خوێندنی فێرخوازان لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییش بەکاردەهێنرێت. زاراوەی پەروەردە (لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (Education) دێت و لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (تربية) ی بۆ بەکاردەهێنرێت)(الحلاق, 2017: 41). بۆ ئەم مەبەستە بەدەستهێنانی زانست و زانیاریی فێرخوازان بەندە بە ڕاهێنان و تاقیکاری، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان لە کاتی ئەنجامدانی ئەو ڕاهێنان و تاقیکارییەدا بەدەستبهێنرێت و زانیارییەکان، وەکوو بابەتێکی زانستی جێگیربکرێت، بۆ ئەم مەبەستە پەروەردە، وەکوو زانستێک بنەماکانی ڕاهێنان و تاقیکاری بۆ فێرخوازان لە بواری پەروەردەدا پراکتیزەدەکات.

سەبارەت بە پێناسە زانستی پەروەردە ئاماژە بەوەکراوە، کە (زانستی پەروەردە بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی، کە ئامانجی گەشەکردنی زانیارییەکانە بە پشت بەستن بە ڕێگەکانی فێرکردن و هۆکارە گونجاوەکان)(سەرچاوەی پێشوو). هەروەها پێناسەیەکی تری زانستی پەروەردەدا دەخەینەڕوو:

_ زانستی پەروەردە ئەو زانستەیە، کە ئەرکی گەیاندنی زانیارییە بە فێرخوازان بە هۆکار و ڕێگەی جۆراوجۆر، فێرکردنی زمان و زانیاری تری بابەتە مرۆڤایەتی و زانستەکانی تر بەشێکن لەو زانیارییە.

کەواتە؛ زانستی پەروەردە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە فێرخواز بە ڕێگەی جیاوازەوە ئاڕاستە دەکات و بەهێز دەکات و ژینگەیەکی لە باری بۆ دەرەخسێنێت. هەر بەم شێوەیە زانستی پەروەردە لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی پەروەردەیی پەیڕەوێکی گرنگ و تەواوە بۆ فێرکردنی زمان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بۆ فێرخوازان، هەربۆیە فێربوونی زمان بە زانستی پەروەردەوە بەستراوەتەوە.

لێرەدا لە پرۆسەی پەروەردەدا لە قۆناغی بنەڕەتی بەتایبەتی بازنەی یەکەم و دووەم، واتە؛ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، تاکو شەشەمی بنەڕەتی، پرسیارێک دێتە پێشەوە، کێ فێری زمان دەبێت؟ لە وەڵامدا دەڵێیت: فێرخواز، یاخود لە پرسیارێکی تردا، کێ ئەو فێرخوازە فێری زمان دەکات؟ لە وەڵامدا دەڵێیت: مامۆستا. کەواتە؛ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پانتاییەکی فراوانی هەیە و چەندین بواری جیاجیا لەخۆدەگرێت و هەمووشیان بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە تەواوکەری یەکترن.

## 1_3_ سەرهەڵدانی زمانەوانیی پەروەردەیی[1] Educational linguistics:

زمانەوانیی پەروەردەیی (لقێکە لە لقەکانی زمانەوانیی کارەکی)(الخطيب،2006: 48–49). سەبارەت بە سەرهەڵدانیشی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا (بریناردا سبولسکی یەکەم کەس بوو، پێشنیازی زمانەوانیی پەروەردەیی کرد، هۆکاری ئەم پێشنیازەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە تێکەڵاویەک لە گرنگیدان بە بابەتی فێربوونی زمان لە نێوان زمانەوانیی کارەکی و زمانەوانیی پەروەردەییدا هەیە، سەرەڕای ئەوەی زمانەوانیی کارەکی لەم بابەتەدا کەمتەرخەم نەبووە)(الحلاق، 2017: 12). ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە زمانەوانیی پەروەردەیی، وەکوو زانستێکی سەربەخۆ، لە ئاکامی کارلێکردنی دوو زانستی سەربەخۆ سەرهەڵبداتن، واتە؛ ئەم زانستە بۆ بەرهەمی بەیەکگەیشتنی زمانەوانی و زانستی پەروەردە دەگەڕێتەوە. لەم ڕووەوە زمانەوانیی پەروەردەیی لە کەتواردا لە سەر ئاستی جیهان بە داهێنانێکی ئەمریکی هەژمار دەکرێت، چونکە ئەمریکییەکان لەم بارەیەوە بە ڕژدی دەردەکەون(بشر،2005: 204). هەربۆیە زمانەوانیی پەروەردەیی دوای دەرکەوتنی، وەک زانستێکی سەربەخۆ بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی ڕۆڵێکی باش لە فێربوونی زمان لە ناوەندەکانی خوێندندا دەگێڕێت، کە ئەمەش گرنگییەکی زۆری بۆ فێربوونی زمانی نەتەوە هەیە.

## 1_4_ پێناسەی زمانەوانیی پەروەردەیی:

سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەک پێناسەی هەمەجۆر بۆ زمانەوانیی پەروەردەیی، کە شارەزایان و زمانەوانان کردوویانە، لێرەدا هەندێ لەم پێناسانە دەخەینەڕوو:

ـ (زمانەوانیی پەروەردەیی پراکتیزەکردنی زمانەوانییە بۆ فێرکردن و فێربوونی زمانی ناوچەکە، یان زمانی نیشتمانی Native language، بە شێوەی قسەکردن و نووسین لە قوتابخانەکاندا)(Crystal,1992:114).

ـ (لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی لە نێوان زمان و پەروەردە، یان فێرکردندا دەکات)(الخطيب،2006: 49).

بەم شێوەیە پێناسەیەکی تر بۆ زمانەوانیی پەروەردەیی دەخەینەڕوو.

ـ زمانەوانیی پەروەردەیی بریتییە لە فێرکردن و فێربوونی زمانی نەتەوەیی، یان نیشتمانی لە هۆڵەکانی خوێندن بە شێوەیەکی زانستی و پراکتیکی، کە لایەنی دەنگ و ڕێزمان و واتا لەخۆدەگرێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە زمانەوانیی پەروەردەیی سوود لە زمانەوانیی تیۆری و پراکتیکی بۆ داڕشتنی پرۆگرام و ئەنجامدانی توێژینەوە و پراکتیزەکردنەوە وەردەگرێت، کە سەرجەمیان بۆ بوار و لایەنەکانی فێرکردنی زمانە جۆراوجۆرەکان بەکاردەهێندرێن.

## 1_5_ ڕۆڵی زمانەوانیی پەروەردەیی:

هەندێ لایەن ڕۆڵی سەرەکی لە زمانەوانیی پەروەردەیی لە فێربوونی زمان لە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتیدا دەگێڕن، بۆیە (ڕۆڵی زمانەوانیی پەروەردەیی لە بواری بەکارهێنانی زمانەوانیدا، بریتییە لە مامۆستا، کە هۆکارە بۆ ئاسانی بەکارهێنانی زمان، گەشە بە پێشکەوتن و فێربوونی زمان دەدات، زانیاری و جیاوازی و کەموکوڕییەکان ڕووندەکاتەوە)(Tosimpak, H., 2022: 308). هەربۆیە فێرکردنی زمان بە تایبەتی زمانی نەتەوەیی، خۆماڵی، یاخود نیشتمانی دەبێتە کەرەستەیەکی سەرەکی لە لایەن مامۆستایانەوە و پێشکەش بە فێرخوازان دەکرێت، واتە؛ هەر لە زمانەوانیی پەروەردەییدا فێرخوازانیش ڕۆڵێکی گرنگیان لەم پرۆسەیەدا هەیە و فێربوونی زمانیش دەبێتە کەرەستەی نێوان مامۆستا و فێرخوازان.

لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵی زمانەوانیی پەروەردەیی لە بواری فێربوونی زمان بریتییە، لەوەی کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە سەر بایەخدان بە خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی

---

[1] سەرەڕای بەکارهێنانی زمانەوانیی پەروەردەیی، لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی زمانەوانیی فێرکاری، زمانەوانیی فێرکردن و زمانەوانیی پەروەردە و فێرکردن بەکاردەهێنرێت.

لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی گەشەسەندن و پێشخستنی، واتە؛ حکومەتیش ڕۆڵی سەرەکی لە زمانەوانیی پەروەردەیدا دەگێڕێت، بە دابینکردنی بینای قوتابخانە و هۆکارەکانی فێربوون و چەندین لایەنی تر.

## 1_6_ گرفت و ئاکارە گرنگەکانی زمانەوانیی پەروەردەیی:

زمانەوانیی پەروەردەیی بایەخ بە یاسا و ڕێساکانی زمانی دەدات بە مەبەستی فێرکردن و فێربوونەوە. بەم پێیە (زمانەوانیی پەروەردەیی لە کاتێکدا گرنگی بە تیۆری فێربوون دەدات و گرنگیش بەوانە دەدات، کە لە خولگەی گرفتەکانی فێربوون و ئامادەکارییەکان و هۆکارەکانی فێرکاری دەسوڕێنەوە)(یوسف,2016: 6). لەلایەکی ترەوە(زمانەوانیی پەروەردەیی گرنگیدانەکەی لە چوارچێوەی ماددەی زمانی دەسوڕێتەوە، کە پێشکەش بە فێرخوازان دەکرێت، بەو واتایەی تێڕوانین و ئاستەکان بە پێی توانای فێرخواز و تەمەن و کەلتور و ژینگەکەیەتی)(بشر,2005: 205). زمانەوانیی پەروەردەیی سەرەڕای بایەخدان بە مۆدەلی فێربوونی زمان، خۆشی بە خاوەنی سەرجەم ئەو گیروگرفت و پێداویستییانە دەزانێت، کە دەبنە هۆی یارمەتیدان لە گەشەدان و پێشکەوتنی ئەم پرۆسەیە بە مەبەستی پێشکەشکردنی بەرهەم و سیستەمێکی بێ کەموکوڕی لە بواری پەروەردەیی و فێرکردنی زماندا. بەم شێوەیە لە کاتی پرۆسەی فێربوونی زماندا زۆر کێشە و ئاریشە دێنە پێشەوە، کە زمانەوانیی پەروەردەیی خۆی بە خاوەنی دەزانێت و هەوڵی چارەسەریان بە شێوەیەکی زانستی بۆ دەدات، بۆ نموونە هێنان و پراکتیزەکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، ئینجا ئەم وڵاتە، چ پێشکەوتوو بێت، یان تازەپێگەیشتوو، ئەمە کێشە و هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە دەبێتە گرفت و ئاستەنگێکی گەورە لە بەردەم پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەدا، بە هۆی ئەوەی هەر وڵاتێک ژینگەی جیاوازی هەیە و دەبێت سیستەمی پەروەردەیی خۆماڵی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت، پرۆسەیەکی پەروەردەیی سەرکەوتوو بە ئاکام بگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت، بە شێوەیەکی ڕێژەیی سوود لە سیستەمی پەروەردەیی جیاواز و نوێکانی وڵاتان وەرگیرێت.

## 1_7_ پەیوەندیی زمانەوانیی پەروەردەیی بە زانستی ترەوە:

زمانەوانیی پەروەردەیی، وەکوو هەر زانستیکی تر پەیوەندی بە زانستەکانی ترەوە هەیە، چونکە هیچ زانستێک نییە، بە تەنها سەربەخۆبێت و پەیوەندیشی بە هیچ زانستێکی ترەوە نەبێت. هەر بۆیە (زمانەوانیی پەروەردەیی پشت بە هەندێ زانستەکانی تری زمانی دەبەستێت، کە هەندێ لایەنی زمانەوانیی پەروەردەیی دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانیی گشتی و هەندێکی تری دەچێتە بواری زمانەوانیی دەروونی و هەندێکی تریشی دەچێتە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم، یان زۆربەی ئەو کارانەی زمانەوانیی پەروەردەیی دەیکات، بەرپرسیاریەتیەکەی لە ئەستۆی زمانەوانیی کارەکییە)(بشر,2005: 205). بەم جۆرە فێرکردن و فێربوونی زمان بریتییە لە گرنگترین بوار و لایەنی یەکەم لە زمانەوانیی کارەکی(یوسف,2016: 6). هەربۆیە زمان دەبێتە کەرەستەیەکی بنچینەیی، تاکو پەیوەندیکردن و شیکردنەوەی بابەتی تری پێ بکرێت.

بۆ ئەم مەبەستە (زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوەیەکی پێویستییە، بۆ خواستی پەیوەندیکردن لە نێوان هەموو کەسێک، بەو هۆیەوە زمانەوانی پەیوەندییەکی توندی بە زانستی کۆمەڵایەتییەوە هەیە)(الضامن,1989: 36). بەم پێیە لە بەرانبەر پەیوەندیی زمانەوانیی پەروەردەیی بە زانستەکانی تری زمانی چەند چەمکێک دێنە ئاراوە، ئەوانیش(زمان، پەروەردە، دەروون، کۆمەڵگە)یە، ئەگەر بە شێوەیەکی ورد بڕواندرێتە ئەم چەمکانە دەبینرێت، سەرجەمیان پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوانیاندا هەیە، کە خۆیان لە جەستەی تاکەسێک دەبیننەوە، چونکە هەموو ئەم چەمکانە تەواوکەری یەکترن بۆ تاکە کەسێک و هەموویان بەیەکەوە بونیاتێکی تەواو دروست دەکەن، دواتریش لە ڕێگەی پراکتیزەکردندا خۆی لە فێربوونی زمان دەبینێتەوە، کەواتە؛ هەموو ئەم زانستانە بۆ زمانەوانیی پەروەردەیی پێویستن و گرنگی خۆیان هەیە.

### 1_8_ زمانی کوردی، وەکوو زمانی نەتەوە:

هەموو نەتەوەیەک لە ڕێگەی زمانەکەیەوە ناوی لێنراوە و ناسراوە، بەم جۆرە (زاراوەی زمانی نەتەوە بە سەر ئەو کەسانە دادەبڕێت، کە پەیوەندیدارن بە یەک جۆر نەتەوە و لە کۆمەڵگەیەکی یەک نەتەوەیی ئەندامن)(کرامش، 2010: 122). سەرەڕای ئەوەی زمان ئامرازێکە بۆ گەیاندن و دەربڕین و تێگەیشتن لە نێو ئاخێوەران و کۆمەڵگاکاندا، لە هەمان کاتیشدا زمان بۆ هەر نەتەوەیەک بریتییە لە بوون، ناسنامە، مێژوو، قەوارە و هێمای نەتەوەیی، کە کەلتوور و میراتی زمانی لەخۆدەگرێت. بەم جۆرە ((زمانی نەتەوایەتی لە ڕووی سیاسییەوە کە لە سنووری جوگرافی ولاتێکی تاکنەتەوەدا بە کاردێ، بەڵام زمانی نەتەوایەتی لە دەرەوەی سنووری جوگرافی وڵاتیش هەر ناسنامەی تاک دەپارێزێ!))(ناوخۆش، 2013: 131). بەم شێوەیە زمانی نەتەوە دەبێتە ناسنامەی تاک و نەتەوەکانیش شانازی بە زمانەکانیانەوە دەکەن، بۆ نموونە (فەڕەنسییەکان چێژ لەو ناسنامەیە کەلتوورییە وەردەگرن، کە سنووری نەتەوایەتییان supranational تێدەپەڕێنێت، کە لە پێگەی یەکەمدا بریتییە لە ناسنامەیەکی زمانی و تاکو ئێستاش فەڕەنسییەکان پاڵپشتی زمانەکەیان، زمانی فەڕەنسی دەکەن، کە بەو وەسفەی، وەکو زمانێکی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی بەکاردێت)(کرامش، 2010: 122). کەواتە؛ نەتەوەیەکی پێشکەوتووی، وەکوو فەڕەنسا شانازی بە زمانە نەتەوەکەیەوە بکات، دەبێت نەتەوەیەکی، وەکوو کورد سەد جار زیاتر لە فەڕەنسییەکان شانازی بە زمانی نەتەوەکەیەوە بکات، چونکە زمانی کوردی بۆ نەتەوەی کورد مانای بوون و مانەوەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، بۆ نموونە ((لە ناو کوردان، زمانی دایک زیاتر بە واتای زمانی نەتەوایەتی، زمانی زێد، زمانی نیشتمان دێت))(ناوخۆش، 2013: 131). بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوەدا ئەم زاراوانە هەر یەکەیان پێناسەی خۆی هەیە.

ئەگەرچی تاک بە شێوەیەکی کردەیی زمان بە شێوەی ئاخاوتن بەکاردەهێنێت، بەڵام دواجار کۆمەڵگە خاوەندارێتی زمان دەکات، لە ناو کۆمەڵگەشدا گەلێک بوار و لقی جۆراوجۆر هەن، کە پەیوەندییان بە زمان و کۆمەڵگەوە هەیە، ئەم کۆمەڵگەیە ڕەنگە لە تاکە نەتەوەیەک، یان چەند نەتەوەیەک پێکهاتبێت، کەواتە؛ (زمانەوانی لێکۆڵینەوە لە زمانی هەموو نەتەوەیەک دەکات)(علوي, العناتي،2009: 109). لەم گۆشەیەوە هەر زمانێک نەتەوەیەک خاوەندارێتی دەکات، ئەم نەتەوەیەش بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی زمانی نەتەوەکەی بپارێزێت و بەهێزی بکات، بۆ ئەم هەوڵەش پێویستە بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە قۆناغی بنەڕەتیدا جێبەجێبکات، تاکو شوناس و بوونی خۆی بپارێزێت. بۆ ئەم مەبەستەش زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی بۆ فێربوونی زمانی نەتەوەییان لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتیدا پەیڕەودەکەن، کەواتە؛ پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی بۆ فێربوونی زمانی کوردی بۆ نەتەوەی کورد، وەکوو زمانی نەتەوەیی لە هەموو نەتەوەکانی تر گرنگتر و پێویستترە، چونکە فێرکردنی فێرخوازان بۆ زمانی کوردی مانەوە و بوون و داهاتووی نەتەوەی کورد دەپارێزێت.

## دووەم: فێربوونی زمانی کوردی بە پێی بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە قۆناغی بنەڕەتیدا:

### 2_1_ قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستاندا:

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2007ز سیستەمێکی نوێی پەروەردەیی[1] جیاوازی لە سیستەمی پەروەردەی حکومەتی عێراق پەیڕەوکرد، کە ئەویش بەم شێوەوەیە: قۆناغەکانی پۆلی یەکی، تاکو نۆی ناونا

---

[1] ((وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پلانی گۆڕینی ڕیشەیی لە سیستەمی پەروەردە دا دارشت کە سەرجەم لایەنەکانی پەروەردە بگرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە و بەئامانجی بە شداریکردنی زۆربەی پەروەردەکارانی کوردستان بە سوود وەرگرتن لە تواناکانی دەرەوە بڕیاری بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی دا و دوای هەشت مانگ لە خۆئامادەکرن و بە بەشداری نزیکەی 500 شارەزای بواری پەروەردە کۆنگرەیەکی لە هەولێری پایتەخت لە ژێر دروشمی ((گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن)) لە ڕۆژانی 22 – 24ی ئایاری 2007 بەست، کۆنگرەکە زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو تاکە کۆنگرەش بووە کە توانی ڕاسپاردەکان بکاتە پڕۆژە و لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، دواتر بە کۆی دەنگ لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە کە پەسەندکراو خرایە چوارچێوەی یاساوە. ئەمڕۆ لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پڕۆژەیە بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا دەبینە خاوەنی سیستەمی قوتابخانە

قۆناغی بنەڕەتی و ئەم قۆناغی بنەڕەتیەشی بۆ سێ بازنە دابەشکرد، کە ئەوانیش (بازنەی یەکەم لە پۆلی یەک، تاکو سێ و بازنەی دووەم لە پۆلی چوار، تاکو شەش و بازنەی سێ لە پۆلی حەوت، تاکو نۆ لەخۆدەگرێت)(حەمەدئەمین، 2024: 344). ئەگەر هاتوو، بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی یەکەم و دووەم)، واتە؛ لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، تاکو شەشەمی بنەڕەتی جێبەجێ کرا، ئەوا فێرخوازێکی تەندروست لە فێربوونی زمانی کوردی لە رووی خوێندنەوە و نووسین و ڕاست و ڕەوانی لە دەربڕینە زمانییەکاندا بەرهەمدێت، بەم هۆیەشەوە فێرخوازان کۆڵەگەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردن و بەشێکی دانەبڕاون، هەربۆیە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ لە ڕاستی و دروستی بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە هەمان کاتیشدا زمانی تر بە ئاسانی ناتوانێت، جێگەی زمانی کوردی لە ئاوەزی ئەم فێرخوازەدا بگرێتەوە، بەڵام کاتێک فێرخواز وشەیەکی بێگانەی لە جێگەی وشەیەکی کوردی بەکارهێنا، ئەمە مانای ئەوەیە، کە ئەم فێرخوازە زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتیدا، بە هۆی کاریگەری زمانی ترەوە، بە تەواوی لا جێگیرنەبووە.

هەربۆیە کاتێک لە قۆناغی بنەڕەتی گرنگی بە فێربوونی زمانی کوردی درا، وا لە فێرخواز دەکات، کە زمانی کوردی لا خۆشەویست بێت، ئەمەش وا دەکات، کە خاک و نیشتمانەکەشی لا خۆشەویست بێت و شانازی بە کەسایەتی خۆی و زمان و مێژووەکەی بکات و توانستی فێربوونی لە وەرگرتنی زانست و زانیاری بەهێز بکات.

## 2_2_ زاراوە و پێناسەی فێربوون:

فێربوون، وەکوو زاراوە لە هەر زمانێکدا زاراوەیەکی بۆ بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە (زاراوەی فێربوون لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (Learning) دێت و لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (التعّلم) ی بۆ بەکاردەهێنرێت)(الحلاق, 2017: 41). لە زمانی کوردیدا زاراوەی فێربوون بەکاردەهێنرێت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، تاکو ئێستا ژمارەیەک پێناسەی جۆراوجۆر بۆ زاراوەی فێربوون کراوە، لێرەدا هەندێ لەم پێناسانە دەخەینەڕوو:

_ (فێربوون بریتییە لە وەرگرتن, یان بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر بابەتێک, یان کارامەیییەک لە ڕێگەی خوێندن، یان ئەزموونەوە)(Brown, H, D : 2007, 18).

_ (فێربوون بریتییە لە وەرگرتنی زانیاری و کارامەیی لە کاتی خوێندن و هەوڵە ئەزموونکارییەکاندا)(الحلاق, 2017: 39).

لەم توێژینەوەیەدا پێناسەیەکی تر بۆ زاراوەی فێربوون دەخەینەڕوو:

_ فێربوون ئەو زانستەیە، کە فێرخواز زمان و زانیاری و شارەزایی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە ڕێگەی جیاجیا فێردەبێت.

کەواتە؛ لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا فێرخوازان لە ڕێگەی تاقیکاری و فێرکاری و مامۆستایانەوە، زمان و زانستی هەمەڕەنگ فێردەبن، هەربۆیە مامۆستا ڕۆڵێکی کارای لەم پرۆسەیەدا هەیە.

## 3_2_ بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی:

هەر زانستێک پابەندی کۆمەڵێک بنەمایە، زمانەوانیی پەروەردەیش کۆمەڵێک بنەمای هەیە، لێرەدا هەندێک لەم بنەمایانە دەخەینەڕوو، بەم پێیە بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی پێکهاتوون لە (بنەمای فێرکردنی زمان، بنەمای گوتن، بنەمای پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگەوە، فێرخواز، مامۆستا، دیاریکردنی پلان و پرۆگرامی خوێندن، بینین و بیستن، خوێندن، نووسین...هتد)(الشمس، 2021: 38_ 41). هەربۆیە بە پێویست دەزانرێت، هەندێ لە بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی، وەکوو بنەمای فێرکردنی زمان، دیاریکردنی پلان و پرۆگرامی خوێندن، فێرخواز، مامۆستا، دەنگ، پیت، بینین و بیستن، گوتن، نووسین، خویندنەوە و تاقیکردنەوە لە بارەی زمانی کوردییەوە لەم توێژینەوەیەدا باسی لێوە بکرێت.

---

بنەڕەتییەکان و خوێندنگە ئامادەییەکان))(لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە، 2009: 2).

## 2_3_1_ فێربوونی زمانی کوردی:

فێربوونی زمان یەکێکە لە بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی، منداڵ بەر لە چوونی بۆ قۆناغی بنەڕەتی، ئەگەر هیچ گرفتێکی لە ئەندامەکانی ئاخاوتن و مێشکیدا نەبێت، بە شێوەیەکی سروشتی لە ناو خێزانەکەی فێری زمان دەبێت، واتە؛ (منداڵان زمانی قسەکردن بەبێ فێرکردن بە شێوەیەکی سروشتی بەدەستدەهێنن، تەنها بە بیستن و بەرکەوتنیان لەگەڵ زمانەکەدا)(Denham, K. and Lobeck, A. 2013:442). بەم پێیە ڕێکخراوی کەلتووری و زانستی و پەروەردەیی لە نەتەوەیەکگرتووەکان، کە کورتکراوەکەی (یۆنسکۆ) یە ئاماژە بەوە دەکات، (منداڵ مافی خۆیەتی، کە بە زمانی خۆی بخوێنێت)(کرامش, 2010: 214). چونکە بەو هۆیەوە زمانەکەی خۆی، لا بەهێز و جێگیر دەبێت و زانست و زانیارییەکانیش ڕاستەوخۆ و بە ئاسانی وەردەگرێت و فێردەبێت. کەواتە؛ دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە پێویستە لە تەمەنی (6 _ 12) ساڵییەوە، فێرخواز زمانی نەتەوەکەی خۆی بخوێنێت، تاکو ئەو بنەما زمانی و فەرهەنگییانەی پێش چوونە قوتابخانە، واتە؛ بەر لە قۆناغی بنەڕەتی فێری نەبووە و لە ئاوەزیدا جێگیرنەبووە، بە تەواوی لە ڕووی خوێندن و نووسین فێری ببێت و جێگرببێت، ئەمەش وا دەکات، لە پرۆسەی پەروەردەدا بە ئاسانی زانست و زانیارییەکان فێرببێت، چونکە خوێندن بە زمانێک زیاتر لە قۆناغی بنەڕەتیدا وەرگرتنی زانست و زانیاری قورس و زەحمەت دەکات و بەریەککەوتن و تێکەڵبوون لە ئاوەزی فێرخوازدا دروستدەکات، لە ئاکامی ئەم بەریککەوتنەی زمانانەدا ململانێی زمانی لە توانست و هزری فێرخواز دروستدەبێت، لە ئەنجامدا بە تێپەرینی کات بە پێی ژینگە و شوێنی ژیانی فێرخواز، زمانێک بە ڕێژەیەکی جیاواز بە سەر زمانەکانی تر زاڵدەبێت، یاخود تێکەڵیەک لە زمانەکاندا دروستدەبێت، ئەمەش وا دەکات، کە فەرهەنگی ئاوەزی فێرخواز تووشی تێکەڵی زمانی و لاوازی ببێت، واتە؛ زمانێک بە تەواوی خۆی جێگیر نەکات. بەم جۆرە ((زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم بارەوە ئەنجامدراون ئاماژە بەوە دەدەن کە تەمەنی 11_12 ساڵی باشترین تەمەنە بۆ وەرگرتن و فێربوونی زمانی دووەم))(سەعید، 2013: 92). واتە؛ بەر لەم تەمەنە فێربوونی زمانی دووەم لە ڕووی زمانەوانیی پەروەردەییەوە ڕێگە پێ نەدراوە و دوای ئەو تەمەنە دەتوانێت، زمانی دووەم، سێیەم...هتد بخوێنێت و فێرییبێت.

## 2_3_2_ پلان و پرۆگرامی خوێندن:

پلان و پرۆگرامی خوێندنلە بنەکماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی ژمارەیەک ئەرک و ئامانج لەخۆدەگرێت، یەکێک لەو ئەرک و ئامانجانەی دانانی پلانی پرۆگرامی پەروەردەیی و دیاریکردنی یەکەکان و نەخشەڕێگای خوێندنە، واتە؛ ئەو پرۆگرامەی، کە لە لایەن زمانەوانان و شارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، پێویستە کات و ماوەکەی خوێندنەکەی بە پێی پلانی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە دابنرێت و ئاماژەش بەوە بکرێت بۆ چ ئاستێکی فێرخواز دانراوە، هەربۆیە زمانەوانیی پەروەردەیی (سەرنج لە گرنگی پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ فێربوون و فێربوونی زمان دەدات، لە بەر ئەوە پلان بۆ یەکەکانی پرۆگرامی خوێندن دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی توانستی زمانی، کە فێرخواز دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست فێری زمان ببێت و توانایەکی زۆری زمانی هەبێت)(الشمس, 2021: 33). بۆیە، پێویستە پسپۆڕانی بواری پەروەردە و فێرکردنی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا ستراتیژییەکییان بۆ قۆناغی بنەڕەتی بۆ فێربوونی زمانی کوردی هەبێت، تاکو بە شێوەیەکی زانستی فێرخوازان فێری زمانی کوردی بکەن، بۆیە پێویستە لە ئێستادا پلان و پرۆگرامی خوێندن لە سەر بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی سەبارەت بە خوێندن و فێربوونی زمانی لە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستاندا بایەخی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی، کە کاریگەریی ئەرێنی لای فێرخوازان دروستبکات و ڕەواج بۆ زمانی کوردی پەیدابکات، نەوەک ڕەواج بۆ زمانەکانی تر بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی دروستبکاتن، هەر وەکوو ئەمرۆ هەستی پی دەکرێت، کاتێک کۆمپانیا و شوێنکارەکان کاتێک کەسێک بۆ کارکردن لای خۆیان وەردەگرن، یەکەم مەرجیان ئەوەیە، کە دەبێت زمانی ئینگلیزی بزانێت، ئەمەش وای لە تاک و خێزانی کورد کردووە، هەوڵی فێربوونی ئەم زمانانە بدەن و زمانی خۆیان فەرامۆش بکەن، کەچی ئەم مەرجە لە وڵاتانی تری، وەکوو

فەڕەنسا، ئەلمانیا، تورکیا ...هتد نییە و زمانی ئینگلیزی بە لایەنەوە نە گرنگە و نە مەرجە، بەڵکوو زمانی خۆیان لە سەرووی هەموو زمانەکانەوەیە.

### 2_3_ 4_ پەیوەندیی فێرخواز و مامۆستا:

### 2_3_ 4_ 1_ فێرخواز:

فێرخواز بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەییدا لە پرۆسەی پەروەردەدا، هەربۆیە (فێرخواز بریتییە لە ناوەندی سەرەکی پرۆسەی فێرکردن، بە هۆی ئەویشەوە دەتوانرێت، هەڵسەنگاندن بۆ هەر پرۆگرامێک بکرێت)(بوتمر, 2022: 55). بەم جۆرە فێرخواز هەڵسەنگێنەرێکی باشی مامۆستا و پرۆگرامەکانی خوێندنە و لە هەمان کاتیشدا فێرخواز لە قوتابخانەدا لە ڕێگەی بەجێگەیاندنی بنەماکانی زانستی پەروەردە و فێرکردندا بە بەکارهێنانی چالاکی جۆراوجۆر زانیارییەکان وەردەگرێت، بە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانەش دەشێت، فێری زمان ببێت، یان زانیاری تری بابەتە مرۆڤایەتی و زانستەکان وەرگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی فەرهەنگی ئاوەزییان، بەم پێیە (قوتابییان پێویستییان بە پێشخستنی بەردەوامی هۆشەکی هەیە، چونکە زمان پێوەندییەکی تۆکمەی بە بیرکردنەوەی لۆجیکی، یان بیرکردنەوەی ڕەخنەییەوە هەیە)(سورخی، 2013: 14). لەم ڕووەوە پەیڕەوکردنی بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی بە یەک زمان لە قۆناغی بنەڕەتیدا، وا لە فێرخواز دەکات، کە زمانێکی پتەوە و بەهێز فێرببێت، بە پێچەوانەشەوە پەیڕەونەکردنی بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی و خوێندن بە زمانێک زیاتر لە قۆناغی بنەڕەتیدا، وا لە فێرخواز دەکات، کە زمانێکی بیهێز و لاواز فێرببێت، بۆ نموونە لە ئێستادا یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازی زمانی کوردی لە نێو فێرخوازاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە فێرخوازانی کورد بە شێوەیەکی گشتی بنیادی زمانی کوردییان لە پێش چوونە قوتابخانە و قۆناغی بنەڕەتی (بازنەی یەکەم و بازنەی دووەم) لە هزر و توانستی زمانیدا بە تەواوی نەچەسپیوە و جێگیرنەبووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە فەرهەنگی ئاوەزییان لە وشەی کوردی لاواز بێت، چونکە فێرخوازان لە قۆناغی بنەڕەتیدا شان بەشانی زمانی کوردی، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی...هتد دەخوێنن، وشەی بیانی هاوشان لەگەڵ وشەکانی زمانی کوردی لەم قۆناغەدا دەخزێتە فەرهەنگی ئاوەزیی فێرخوازان، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵییەک لە زمان، لە شوێن وشەی کوردی وشەی بیانی جێگەیان دەگرێتەوە، لەم ڕووەشەوە زمانی کوردی بێ هێز و لاواز دەکات، ئەم کردارەش لەگەڵ تەمەنیدا دەڕوات و ڕۆژانە وشەی بیانی بە ئاسانی دێتە ناو زمانی کوردی، هەربۆیە لە ئێستادا بە شێوەیەکی گشتی بە ئاسانی هەست پێ دەکرێت، فەرهەنگی ئاوەزی فێرخوازانی کورد لاوازە و وشەی بیانی بە ئاسانی لە هزر و بیریاندا جێگەی وشە کوردییەکان دەگرێتەوە و لە کاتی نووسین و ئاخاوتندا بەکاریدەهێنن، بەم پێیە هەندێ جار ئاڵۆزی زمانی لای فێرخواز دروستدەبێت، بە هۆی ئەوەی وشەی زمانەکان لە یەکتری ناکاتەوە، نازانێت ئەم وشەیە کوردییە، یان عەرەبییە، یان ئینگلیزییە و زمانەکان بە ئاسانی لە یەکتری جیا ناکاتەوە و نایانناسێت، وەکوو یەک تێیاندەڕوانێت.

بەم شێوەیە زمان دەبێتە کەرەستەیەکی سەرەکی لە زمانەوانیی پەروەردەیی لە نێوان مامۆستا و فێرخوازەکانەوە و بەستنەوەی بەو ژینگەیەی، کە تیادا دەژین و ئەم ژینگەیەش بە کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە و کۆمەڵگەش بە چەندین لایەنی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری...هتد دەورەدراوە. ئەوەش وا دەکات، کە ((ڤی بۆچوونا نوو ل دور زمانی و پەیوەندییا وی پێشکێشی مامۆستایێ زمانی نەتەوەیی دکەت، کو زمان ب جڤاکیڤە گرێدایە، مینا داب و نەریتان....هتد))(عەلی و عەبدوللا،2011: 263). بەم جۆرە مامۆستا ئەرکی فێرکردنی زمانی نەتەوەیی، ناوچەیی، هەرێمی، یاخود نیشتمانی لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا دەبینێت، کە ئەو زمانە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵگەوە، کە ئەو کۆمەڵگەیەش وابەستەی کۆمەڵێک دابونەریتی کۆمەڵایەتییە.

### 2_3_ 4_2_ فێرکردن و مامۆستای کارامەی زمان:

مامۆستا لە قۆناعەکانی خوێندن بنەمایەکی تری زمانەوانیی پەروەردەییە، هەربۆیە فێرخوازان لە قۆناغەکانی خوێندنیاندا پێویستیان بە مامۆستایە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کردەیی پرۆسەی فێرکردنی زمان و وانەکانی تریان لە

زانست و زانیاری فێربکات. بەم جۆرە (لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەدا زاراوەی (تدريس) لە زمانی عەرەبی و (Teaching) لە زمانی ئینگلیزی لە ئارادایە، کە ئەمەشیان پرۆسەیەکی پەروەردەیی پوخت و ڕوونە، ژمارەیەک چالاکی لە وەرزی خوێندن بە پێی ئامانجەکانی پەروەردەیی بە ئەرک دەگەیەنێت)(الحلاق, 2017: 41). لە زمانی کوردیدا زاراوەی فێرکار، یان مامۆستا بۆ بەکاردەهێنرێت.

بەم شێوەیە پێناسەی جۆراوجۆر سەبارەت بە مامۆستا و فێرکار کراوە، لێرەدا هەندێ لە پێناسانە دەخەینەڕوو:

ـ (مامۆستا بریتییە لە خاڵێکی بنەڕەتی لە پرۆسەی فێرکردندا)(بوتمر, 2022: 54).

ـ پرۆسەی فێرکردن لە فەرهەنگی The Merriam webster وا پێناسەکراوە، شتێکە لە کەسێک، واتە؛ پرۆسەی فێرکردن بریتییە لە فێرکردنی زمان، ئەوا زمان دەبێتە ئەو شتەی، کە فێری دەبێت(الحلاق, 2017: 42).

ـ (فێرکردن بریتییە لە پیشاندان, یان یارمەتیدانی کەسێک بۆ فێربوونی چۆنیەتی ئەنجامدانی کارێک، یان ڕێنماییکردن لە خوێندنەوەی بابەتێکدا)(Brown, H, D : 2007, 19).

هەروەها پێناسەیەکی تر دەبارەی زاراوەی مامۆستا و فێرکار دەخەینەڕوو:

ـ مامۆستا بریتییە لە بەجێگەیاندنی ئەرکی فێرکردن بە ڕێگەی جۆراوجۆر بەرانبەر بە فێرخواز.

بەم شێوەیە مامۆستا و فێرکردن لە پرۆسەی پەروەردەدا بەرانبەری یەکتر دەوەستن، هەربۆیە مامۆستا لەم پرۆسەیەدا لە ڕێگەی زمانی نەتەوەییەوە، وەکوو زمانی پەروەردە لە قۆناغی بنەڕەتیدا زانست و زانیارییەکانی دەگەیەنێتە فێرخواز، بەڵام ئەم فێرکردنە دابەشی سەر چەند قۆناغێک دەکرێت، ئەویش بە گوێرەی تەمەن و ئاستی فێرخوازان لەگەڵ گونجاندنی ئەو دەوروبەرەی، کە تیایدا دەژین، بۆ نموونە فێرخوازێکی کورد لەگەڵ فێرخوازێکی ژاپۆنی بە هۆی جیاوازی ژینگەکەیانەوە، شێوازی خوێندن و فێرکردنی زمانیشیان جیاواز دەبێت، ئەمەش بۆ فێرخوازێکی تریش، کە لە وڵاتێکی ترە دروستە، کەواتە؛ پێویستە فێرخوازان بە پێی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژین، پلان و پرۆگرامی خوێندنیان لە لایەن حکومەتەوە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ پسپۆڕانی بواری زمان و پەروەردە ئامادەبکرێت.

## 2_3_5_ خوێندن بە زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتیدا:

خوێندنی بە زمانی کوردی لە زمانەوانیی پەروەردەییدا، لە قۆناغی بنەڕەتیدا دەبێتە بابەتێکی هاوبەش لە نێوان زمانەوانی و زانستی پەروەردەدا، ئەمەش وا دەکات، کە ((فێرخواز لە کردەی فێرکردندا کارامەیەکی تەواوی زمانی لە هەر چوار کارامەیی بیستن، خویندنەوە، ئاخاوتن و نووسیندا بەدەست بهێنێت))(محمد و رسول، 2023: 10). بەم پێیە زمان لای زمانەوانان دەچێتە خانەی توێژینەوەی زانستی تیۆرییەوە، کە تیایدا یاسا و یەکەکانی زمان، وەکوو دەنگ، پیت، ڕێزمان...هتد دیاریدەکرێن و ئامادەدەکرێن، تاکو بە شێوەیەکی پراکتیکی بخوێندرێن، هەربۆیە (ئامانجی فێرکردنی نەخشەبۆکێشراو جێگیرکردنی ڕاستی و ڕەوانی و ڕێکخستن لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و شێوازی گەیاندنی زانیاری و دەربڕینە)(بوتمر, 2022: 57). لە هەمان کاتیشدا زمان لە لای شارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکردندا کەرەستەیەکی سەرەکییە و جێگەی گرنگی پێدانە و دەچێتە خانەی چۆنیەتی وانەگوتنەوە و فێرکردنی زمان بە شێوەیەکی پراکتیکی لە سەر ئەو بنەمایانەی، کە زمانەوانی دیارکردووە. هەربۆیە بە پێویست دەزانرێت، هەندێ لە بنەماکانی تری زمانەوانیی پەروەردەیی، وەکوو دەنگ، پیت، بینین و بیستن، گوتن، نووسین، خویندنەوە و تاقیکردنەوە باسی لێوە بکرێت.

## 2_3_5_1 _ دەنگ Phone:

بێگومان هەر نەتەوەیەک خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی، هەربۆیە (زمان بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێک، کە هەر نەتەوەیەک مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت)(بن جني,2006: 15). واتە؛ هەر زمانێک لە سەر ژمارەیەک دەنگ بنیاددەنرێت و پاشان کەرەستە زمانییەکانی تری, وەکوو مۆرفیم و وشە و ڕستە...هتد لێ بەرهەمدێت، بەم جۆرە ((زمان

لە سەر بنەمای دركاندنی دەنگ دامەزراوە))(عەلی، 2015: 101). بەم شێوەیە هەر زمانێک لە سەر ژمارەیەکی دیاریکراوی دەنگ ڕۆنراوە، ڕەنگە هەندێ دەنگ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لە ڕووی گۆکردن و شێوەوە لە یەک بچن، یانیش جیاواز بن، لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی ژمارەشەوە جیاوازیان هەیە.

ئەم هێمایە [ ]، نیشانەی دەنگە، هەر کاتێک تاکە ڕەنووسێکی زمانی لە ناو ئەم هێمایە هەبوو، ئەمە واتای دەنگ دەگەیەنێت. کەواتە؛ (فۆن دەنگێکی ئاخاوتنە, ئەو کاتە دیاریکردنەکەی تەواودەبێت، کە لە بەدیهێنانی تاکە فۆنیمێک خۆی دەنوێنێت)(Matthews, 2011:297). واتە؛ هەر فۆنیمێک نوێنەراتی دەنگێک دەکات لە زمانێک و دەبێتە بنەمایەکیش بۆ دروست بوونی ئەو زمانە، هەر لەم ڕووەوە نەتەوەی کوردیش، وەک هەر نەتەوەیەک زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و زمانەکەی لە سەر ژمارەیەک دەنگ بنیادنراوە، کە لەم دەنگانە پێکدێت:

[ئـ]، [ا]، [ب]، [پ]، [ت]، [ج]، [چ]، [ح]، [خ]، [د]، [ر]، [ڕ]، [ز]، [ژ]، [س]، [ش]، [ع]، [غ]، [ف]، [ڤ]،[ق]، [ک]، [گ]، [ل]، [ڵ]، [م]، [ن]، [هـ]، [ە]، [و]، [ۆ]، [وو]، [ی]، [ێ ]، [بزرۆکە[1]].

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر دەنگەکانی زمانی کوردی بە تەنیا هاتن، گۆکردن (Pronunciation) و خوێندەوەیان بەم شێوەیە دەبێت:

ئێ، ئا، بێ، پێ، تێ، جێ، چێ، حێ، خێ، دێ، رێ، ڕێ، زێ، ژێ، سێ، شێ، عێ، غێ، فێ، ڤێ، قێ، کێ، گێ، لێ، ڵێ، مێ، نێ، هێ، ئە، (وێ) ئو، ئۆ، ئوو، (یێ) ئیی، ئێ، (ئی = بزرۆکە).

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، پێویستە فێرخواز هەر لە سەرەتای قۆناغی بنەڕەتیدا بە دەنگەکانی زمانی کوردی ئاشنابێت و بیانناسێت و شێوەی گۆکردن و خوێندنەوە و درکاندنی دەنگەکانیش فێربکرێت.

## 2_3_5_2_ پیت Latter و شێوازی نووسینی پیت:

ئەم هێمایە (( ))، نیشانەی پیتە، هەر کاتێک تاکە ڕەنووسێکی زمانی لە ناو ئەم هێمایە هەبوو، ئەمە واتای پیت دەگەیەنێت. هەربۆیە ((ڕێنووس، واتا وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمان))(لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی، 2010: 10). بەم شێوەیە هەر دەنگێک، بۆ نموونە دەنگەکانی زمانی کوردی شێوەی ڕێنووسێکی Spelling تایبەت بە خۆی هەیە، کە بەم جۆرە وێنای بۆکراوە:


((ئـ))، ((ا))، ((ب))، ((پ))، ((ت))، ((ج))، ((چ))، ((ح))، ((خ))، ((د))، ((ر))، ((ڕ))، ((ز))، ((ژ))، ((س))، ((ش))، ((ع))، ((غ))، ((ف))، ((ڤ))، ((ق))، ((ک))، ((گ))، ((ل))، ((ڵ))، ((م))، ((ن))، ((هـ))، ((ە))، ((و)) ، ((ۆ))، ((وو))، ((ی)) ، ((ێ))، ((بزرۆکە= شێوەی نووسینی نییە))[1].

بەم پێیە، پێویستە فێرخواز لە قۆناغی بنەڕەتیدا ڕێنووس و شێوەی نووسینی پیتەکانی زمانی کوردی لە سەر بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی بە شێوەی دروست فێربکرێت، واتە؛ ئاراستەی دەست دانان و ڕەنووسکردنی نووسینی پیتەکان لە سەر بنەمای زانستی فێربکرێت و بینووسێت، بەم شێوەیە:

---

[1] بڕوانە (وەهبی، 1929: 3)، (لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی، 2010: 10).

[1] لە ڕێنووسی لاتینی زمانی کوردیدا شێوەی نووسینی هەیە، کە بەم شێوەیە دەنووسرێت (i)، وەکوو لە وشەکانی Mil, Jin, kirdin ... هتد).



دوای ئەوەی  فێرخوازان ئاڕاستەی دەست جووڵان و شێوەی نووسینی پیتە کوردییەکان فێربوون، دەکرێت بۆ ڕاهێنانی زیاتر بە سەر ئەم پیتە خاڵدارانە بێنەوە، تاکو بە تەواوی و بە شێوەی زانستی فێری نووسینیان ببن.

ئـ , ا، ب، پ, ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ، ە، و ، ۆ، وو، ی ، ێ.

ئـ , ا، ب، پ, ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ، ە، و ، ۆ، وو، ی ، ێ.
ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بەتەواوی پیتەکانی زمانی کوردی فێرببن، پاشان پیتەکان لێکدەدەن و کەرەستەی تری زمانی، وەکوو برگە و وشە...هتد لێ پێکدەهێنن، چونکە زمانی کوردی سیستەمی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ لێکدانی کەرەستە زمانییەکان. بەم پێیە (هەر زمانێک کۆمەڵە دەنگی هەیە، کە بە هۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروستدەکرێن، ئەم دەنگانە سیستەمی فۆنۆلۆژیی زمانەکە پێکدەهێنن، بە هۆی دەستەیەک یاسای تری فۆنۆلۆژییەوە ئەم فۆنیمانە لە ناو قالبی برگەی فۆنەتیکیدا یەک دەگرن برگەی فۆنۆلۆژی پێک دەهێنن و لە ناو قاڵبی برگەی فۆنۆلۆژیدا... بە فۆنیمێک، یا زیاتر مۆرفێم پێک دێت و بە مۆرفیمێ، یا زیاتر وشە پێک دێت... بە وشەیەک، یا زیاتر فرێز پێک دێت و بە فرێزێک، یان چەند فرێزێک ڕستە پێکدەهێنن)(أمين، 2023: 53). بەم شێوەیە زمانی کوردیش، وەکوو هەر زمانێکی تر یاسا و پەیڕەوەێکی تایبەت بە خۆی هەیە و بە پێی ئەم پەیڕەوەوە دەنگ و فۆنێم و برگە و مۆرفێم و وشە و فرێز و ڕستە...هتد ڕۆنراون، کە پێویستە فێرخواز لە قۆناغی بنەڕەتیدا ئەم کەرەستە زمانییانە بناسێت و بتوانێت، بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان بیانخوێنێتەوە و بیاننووسێت، تاکو زمانەکە بە تەواوی لە ئاوەزیدا جێگیرببێت.

بۆ ئەم مەبەستە هەندێ ڕێگەی فێرکردن هەن، وەک  ڕێگەی پێکهێنانەوەیی، لەم ڕێگەیەدا مامۆستا پیتەکانی ئەڵف و بێ فێری فێرخوازان دەکات بە هۆی لەبەرکردنی ناوەکان، ڕێگەی شیکردنەوەیی لەم ڕێگەیەشدا  مامۆستا بە هۆی سەیری وێنەکە بکە و ناوەکە بڵێ فێرخوازان فێری دەنگ و برگە دەکات، لە ڕێگەی تێکەڵکراویشدا ئەم ڕێگەیە بریتییە لە تێکەڵکردنی هەردوو ڕێگاکەی پێشتر و هەڵبژاردنی لایەنە چاکەکانیان و خۆپاراستن لە لایەنە چاکەکانیان(ابومغلی، 2015: 31_ 42). بۆنموونە:

_ ئاو، ئێ، [ئـ]

_ دارا، ئا، [ا]

ـ باوک، بێ، [ب]

ـ پاسەوان، پێ، [پ]

ـ (سێو) وێنەی+ (سێو) نووسراو، ئینجا مامۆستا وشەکە بۆ دەنگ و بڕگە شیدەکاتەوە و فێرخوازان فێردەکات.

## 2_3_5_3_ بینین و بیستن Visual and Auditory:

بینین و بیستن بە شێوەیەکی گشتی جۆرێکن لە جۆرەکانی پەروەردە و فێرکردن، هەربۆیە (لە تیۆری فێربووندا، پرۆسەی فێربوون بە هەبوونی ورووژاندنی دەرەکییەوە بەستراوەتەوە، بەو هۆیەوە ئەگەر ورووژاندنی دەرەکی لە ئارادا نەبوو، ئەوا ناتوانێت لەم دەوروبەرەدا زمان وەربگرێت و فێرببێت)(الحلاق, 2017: 25). بەم شێوەیە بە پێی تیۆری فێربوون بینین و بیستن جۆرێکن لە ورووژاندنی دەرەکی، بەم جۆرە شێوەی بینینی پیت و وشەکانی زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتیدا جۆرێکە لە جۆرەکانی فێربوونی زمان، کە (پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، لێرەدا شێوەی بینینێک، یان بینینێکی گۆکردن بریتییە لە نوێنەرایەتیی کردن بۆ خوێندنەوەی گوتنی نووسراو)(جمیل، 2025: 50). لەم ڕووەوە بینیی پیت و وشە و ڕستەکان...هتد دەبێتە شێوەیەک لە شێوەکانی فێربوونی فێرخواز بۆ ئەوەی بە ئاسانی فۆرمەکانی زمان بناسێتەوە و بیخوێنێتەوە و فێریببێت.

هەروەها بیستنیش جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتیدا (ئەم جۆرە وەرگرتنی زانیاریی و کارامەییە نوێیەکان لە ڕێگەی دەنگەوە بە باشتر دادەنێت، چونکە لە ڕێگەی ورووژاندنی بیستنەوە فێردەبن، بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنانی ئامێرەکانی فێرکردنی بیستراو، وەکوو تۆمارکراوە دەنگییەکان و فێرکردنە زارەکییەکان و وانە ڕاستەوخۆ و گفتوگۆکان)(سەرچاوەی پێشوو: 52). بۆ نموونە نووسینی وشە، یان ڕستە لە لایەن مامۆستاوە لە سەر تەختەسپی بۆ ئەوەی فێرخوازان شێوەی وشەکە، یان ڕستەکە ببینن، پاشان مامۆستا بە دەنگ وشەکە، یان ڕستەکە بخوێنێتەوە، تاکو فێرخوازان گوێبیستی بن:

ـ کۆتر، مێوژ، تۆپ، هەنار...هتد (نووسینی لە سەر تەختەسپی).
ـ دارا دوو داری دی. (نووسینی لە سەر تەختەسپی).
ـ بەفر و باران دەبارێت. (نووسینی لە سەر تەختەسپی).

بەم پێیە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکرددا کتێبی دەنگی بە جۆرەها زمان لە بواری فێرکردنی زماندا لە بەردەستدان و فێرخواز دەتوانێت، لە ڕێگەی بیستن و گوێ لێ گرتنیان بۆ فێربوونی زمان سوودیان لێ وەرگرێت. هەربۆیە (لە ئێستادا پلاتفۆرمی زیرەکی دەستکرد AI بۆ بوارە جیاوازەکانی فێربوونی زمان، وەکو قسەکردن، گوێگرتن، نووسین، خوێندنەوە، فێربوونی وشە و یاسا ڕێزمانییەکان لە ئارادایە)(Shareef, N. G., 2024:322). بەم جۆرە فێرخوازانی کوردیش، وەکوو هەر زمانێکی تر لە بوارەکانی فێربوونی زماندا، دەتوانێت، سوود لە پلاتفۆرمی زیرەکی دەستکرد AI بۆ فێربوونی زمانی کوردی وەرگرن.

## 2_3_5_4_ گوتن:

گوتن بریتییە لەو کەرەستە زمانیانەی، کە مرۆڤ بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیوەندیکردن دەریدەبڕێت، هەربۆیە (کاتێک زمانەوانان باس و خواس لە بارەی زمانەوە دەکەن و لێی دەکۆڵنەوە، بە شێوەیەکی گشتی مەبەستیان لێکۆڵینەوە لە زمانی قسەکردنە، ئەمە ئەو شێوە زمانەیە، کە بە شێوەیەکی سروشتی دروستدەبێت) (Denham, K. and Lobeck, A. 2013:442). کەواتە؛ دەکرێت لە پۆلدا سوود لە زمانی گوتن بۆ فێربوونی زمان و وانەگوتنەوە وەربگیرێت، کاتێک مامۆستا وانەکە بە قسەکردن بە فێرخوازان دەڵێتەوە و فێرخوازان بابەتەکە لەگەڵ یەکتر و مامۆستاکەیان گفتوگۆدەکەن، ئەمە وادەکات فێرخوازان لە سەر زمانەکەیان ڕابێن و بە ئاسانی فێری زمانەکەیان ببن. چونکە (هونەری گوتن ڕامانا

بکارهینانا پەیڤێ ددەت بکارهینانەکا کاریگەر د بیاڤێن جۆراوجۆرێن پەیوەندیکرنێدا ب خەلکی)(مەمانی،2015: 30). هەربۆیە گوتن و گوتنەوە ڕاهێنانی فێرخوازە لە سەر پیت و وشە و ڕستەکان، ئەمەش وا دەکات، کە  بە ئاسانی لە سەر زمانی کوردی ڕابێن و فێری ببن و زمانەکەیان لە ئاوەزیاندا جێگیرببێت، دواتر وەکوو زمانی زانست بۆ وانەکانی تر بەکاری بهێننەوە. بۆ نموونە مامۆستا لە پۆل داوا لە فێرخوازان بکات، ئەم ڕستانەی لە دوای من بڵێنەوە، تاکو فێرخوازان بە گوتنەوەی ڕستەکان زاریان ڕابێت:

_ لەماڵەوە یارمەتی دایک و باوکەم دەدەین.
_ بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستم.
_ وانەکانم لە کاتی خۆیدا دەخوێنم.
_ بارام و نازدار ژینگەی پاک دەکەنەوە.

## 2_3_5_5_ نووسین Edit:

هەر زمانێک لە ڕێگەی تۆمارکردنی میراتی زمانییەوە بە شێوەی نووسین، دەتوانێت زمانەکەی بە زیندوویی بهێڵێتەوە و  نەوەکانی خۆی ئاشنا بکات، بەو میراتە زمانییەی، کە لە باب و باپیرانییەوە بە میرات بۆی بەجێماوە، هەربۆیە ((نووسین بریتییە لەو هەوڵەی کە مرۆڤ داویەتی بۆ تۆمارکردنی قسە تاوەکوو مێژوو و میراتی خۆی لە فەوتان بپارێزێ))(فتاح، 2011: 221). هەر لەم ڕوانگەیەوە فێرخوازان لە قۆناغی بنەڕەتیدا، لە سەر بنەمای زانستیدا زمانی نەتەوەییان بە شێوەی نووسین دەخوێنن و ئەمەش وا دەکات، ئەو زمانە لە فەوتان ڕزگاربکەن و بە نەوەکانی دوای خۆیان بگەیەنن. بەم جۆرە (نووسین فۆڕمێکی لاوەکییە لە فۆڕمەکانی زمان، کە پشت بە دانەیەکی وەرگیراو لە قسە و گوتن دەبەستێت)(Denham, K. and Lobeck, A. 2013:442).  هەربۆیە زمانی کوردی، وەکوو زمانی نەتەوەیی بۆ مانەوەی کورد و پاراستنی زمانەکەی زۆر گرنگە و پێویستە فێرخوازان، زمانی کوردی، وەکوو فۆڕمێکی زمانی لە قۆناغی بنەڕەتیدا بە نووسین فێربکرێن، تاکو فۆڕمە زمانییەکان بە شێوەی دروست بنووسن و هەریەکەیان بە شێوەی جیاجیا نەنووسێت، هەروەکوو ئێستا بە شێوەیەکی ئاشکرا هەڵەی ڕێنووسی هەستی پێ دەکرێت، بۆ نموونە:

_ هاووڵاتییان (ڕێنووسەکەی ڕاستە).
_ هاوولاتییان، هاولاتییان، هاوولاتیان، هاولاتیان، هاوڵاتیان...هتد (ڕێنووسەکانیان هەڵەیە).
_ هاونیشتمانییان (ڕێنووسەکەی ڕاستە).
_ (هاونشتمانییان، هاونشیتمانییان، هاونیشتیمانییان، هاونیشتمانیان...هتد(ڕێنووسەکانیان هەڵەیە).

لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، شێوەی ڕۆنانی وشەی (هاووڵاتییان) بە پێی پێکهاتە و داڕشتنەکەی شیبکرێتەوە، کە بەم شێوەیەیە:

| مۆرفێمی وشەداڕێژ | مۆرفێمی سەربەخۆ | مۆرفێمی واتایی | مۆرفێمی ناوبەند | مۆرفێمی کۆ |
|---|---|---|---|---|
| هاو | وڵات | ی | ی | ان |

مامۆستا داوا لە فێرخوازان بکات، ئەم کورتە چیرۆکە لە ماڵەوە سێ جار بنووسنەوە، تاکو فێرخوازان بە ڕاهێنان و ڕێنووسی زمانی کوردی ڕابێن و بە بابەتەکە ئاشنابن، پەند و ئامۆژگاریشی لێ وەرگرن.

چوار ئەسپەکە

چوار ئەسپ لە ناوچەیەکی سەوزاییدا ژیانیان بەسەر دەبرد و سەربەست
بوون، کەس زاڵ نەبوو بەسەریاندا.. ساڵ هات و دەڕۆی بە خۆشی دەژیان.
بەڵام ساڵێکیان بێ بارانی و وشک بوو، زەوی گیای دەرنەکرد، کانیاوەکان لە
وشک بوون دا بوون، ئەسپەکان لە نێوان خۆیاندا کەوتنە دووان.
یەکەمیان وتی: ئەمساڵ برسی و ماندوو دەبین
دووهەمیان وتی: دەڵێن لە شار ئەسپەکان خواردنی باشیان دەدەنێ و ئاوی
سازگار دەخۆنەوە.
سێ هەم وتی: لە شار ئازاد نابین و دەبێ نرخەکەی بدەین.
چوارەم وتی: نرخەکەی ئەوەیە دەبێ ئازادیمان نەمێنێ.
هەموویان پێکەوە وتیان: ئازادی خۆمان نادەین بە خواردن، خوای گەورەش
رزقی گیانداران دەدات. (ڕەزا، 2006: 92).

## 2_3_5_6_ خوێندنەوە Reading:

خوێندنەوە بنەمایەکی تری فێربوونی زمانە لە قۆناغی بنەڕەتیدا، هەربۆیە کاتێک مامۆستا وانەی نوێ بە فێرخوازن دەڵێتەوە، پێویستە سەرەتا خۆی جارێک دووان بۆ فێرخوازان بخوێنێتەوە و ئەوانیش سەیری وانەکەیان بکەن و گوێ لە مامۆستاکەیان بگرن، کە چۆن وشەکانیان بۆ دەخوێنێتەوە، دواتریش مامۆستا چەندین جاری تر بە فێرخوازان بخوێنێتەوە، تاکو ئەو وشە و دەستەواژە نوێیەیان دێتە پێشیان فێربیبن و لە فەرهەنگی ئاوەزییان جێگیرببێت و فەرهەنگە زمانییەکەیان دەوڵەمەندتر و بەهێزتر ببێت. هەربۆیە (هونەرێ خواندنێ، هونەرێ جوانکارییا ئاخافتنێیە، جوانکارییا پیشئیخستنا دەنگی و ب لیڤکرنێیە، هونەرێ دەربڕینا هەست و نەست و یا دناڤ دەروونییە ب زمان و ب لڤین و هێما و ئاماژەکرنێ د ئێک دەمدا ب مەرەما تێگەهاندن و کارتێکرنێ ل سەر گوهدراران)(مەمانی،2015: 30). بەم جۆرە ئەم بنەمایەش لە قۆناغی بنەڕەتیدا بۆ فێرخوازانی کورد زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی زمانی نەتەوەییان لە ڕووی یاسا ڕێزمانیەکان و واتاوە لای بەهێز و جێگیرببێت، چونکە ئەگەر زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتیدا لە سەر بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی نەخوێندرا و بە کرچوکاڵی فێربوون، ئەوە ئەو نەوەیە ناتوانن، زمانی کوردی بە شێوەیەکی دروست بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازنەوە، ئەمەش مەترسییەکی گەورە لە سەر داهاتووی زمانی کوردی دروستدەکات.

هەربۆیە مامۆستا لە پۆل پێویستە، یەک بە یەکی فێرخوازان هەڵبستێنێت و پێیان بڵێت، بۆ نموونە، ئەم هۆنراوەیە بە دەنگ بخوێنەوە، یانیش هەمووتان ئەم هۆنراوەیە بە دەنگ بە دوام بڵێنەوە و دواتریش لەبەری بکەن، بەو هۆیەوە فەرهەنگی ئاوەزیان بە وشەی کوردی دەوڵەمەند دەبێت:

مامۆستا

مامۆستا مۆم و چرایە
ڕابەرە لەم دونیایە
سوپاس بۆ مامۆستا گیان
کە فێرمان دەکات لە ژیان
خوێندەواری و کاری جوان
خۆشەویستی نیشتمان
ئێمەی منداڵ بە گشتی
سروود دەڵێین بۆ ئاشتی
شەڕمان ناوێ تاکو هەین

دەخوێنین تا پێبگەین
بۆ خزمەتی گەل و خاک
بۆ کار و کردەوەی چاک (کۆیی، 2011: 15).

### 2_3_5_7_ تاقیکردنەوە Examination:

پێش ئەوەی فێرخواز قۆناغی بنەڕەتی تەواو بکات، پێویستە تاقیکردنەوەیەکی گشتی بکات، لە ڕووی فێربوونی زمانەکەی و ئەو زانیارییانەی لەم قۆناغەدا وەریگرتووە، هەربۆیە دەکرێت، لەم ڕووەوە بە زۆر جۆر تاقیکردنەوە بکرێت، وەکوو تاقیکردنەوەی تیۆری، کردەیی، کۆمپیوتەری، سەرهێڵ (Online) ، زارەکی، بیستراوی...هتد لە هەمان کاتیشدا هەریەک لەم تاقیکردنەوانەدا پێویستە لە ڕێکەوتێکی دیاریکراو و ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا ئەنجام بدرێت.
هەر لەم ڕوانگەیەوە (چەندین توێژینەوەی زانستی دەریانخستووە، کە تاقیکردنەوەکان کاریگەرییان لە سەر پرۆسەی فێربوون و وانەوتنەوە هەیە)(Mogapi, M., 2016: 78). لەبەر ئەوە تاقیکردنەوە بۆ فێرخوازان دەربارەی زمانی کوردی پێش تەواوکردنی قۆناغی بنەڕەتی لە ڕووی دەنگ، دەربڕین، خوێندن، ڕێنووس، ڕێزمان، داڕشتن و نووسینەوە زۆر پێویست و گرنگە، چونکە (هەڵسەنگاندن لە سیستەمێکی پەروەردەییدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، بەو واتایەی ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانەوە کۆدەکرێنەوە، دەبنە هۆی فرەوانی زانیاری پێویست و بەدەستهێنانی نمرەی شیاو، پرسیاری ئەوەش دەکرێت، ئایا فێربوون بە ڕاستی لە وەرزی خوێندندا ڕوویداوە؟))(سەرچاوەی پێشوو: 79). بەم جۆرە تاقیکردنەوە دەبێتە پێوەرێک بۆ دەرخستنی توانا فێرخواز لە ڕووی فێربوونی زمان و وەرگرتنی زانیارییەکانی لە ڕووی نووسین و خوێندنەوە و ئاستی فێربوونی زمانەکەی پیشاندەداتن.

### ئەنجام:

1_ ڕۆلی زمانەوانیی پەروەردەیی لە قۆناغی بنەڕەتیدا بریتییە لە (فێرخواز، مامۆستا و حکومەتی هەرێمی کوردستان)، کە ڕۆلیان هەیە لە فێربوونی زمانی کوردی لە ڕووی دەنگ، گوتن، دەربڕین، خوێندن، ڕێنووس، ڕێزمان، داڕشتن و نووسین...هتد.
2_ لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت، کە خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستاندا، تەنیا بە زمانی کوردی نییە، بەڵکو زمانی تریشی لەگەڵ دەخوێندرێت.
3_ کاتێک زمانی کوردی بە پێی بنەماکانی زمانەوانیی پەروەردەیی لای فێرخواز لە قۆناغی بنەڕەتیدا بە شێوەی خوێندن و نووسینەوە لە ئاوەزی جێگیردەبێت، وا لە فێرخواز دەکات، کە زمان و خاک و نیشتمانی خۆی لا خۆشەویست بێت.
3_ کاتێک فێرخواز لە قۆناغی بنەڕەتیدا، تەنها زمانی خوێندنی زمانی کوردی بێت، ئەو زمانە دەبێتە زمانی سەرەکی و تۆکمە، لەهەمان کاتیشدا وشەکانی زمانێکی تر بە ئاسانی ناتوانن، جێگەی وشەکانی زمانی کوردی بگرنەوە و لە نووسین و گوتنیشدا بەکاربهێنرێن.
4_ فێربوونی زمانی کوردی بە شێوەی خوێندن و نووسینەوە لە قۆناغی بنەڕەتیدا ئاوەزی فێرخوازان بەهێزدەکات، دواجار هەر ئەمانەش دەبن بە نەوەیەکی کوردیزان لە هەرێمی کوردستان و گواستنەوەی بۆ نەوەی داهاتوو و زمانەکەش لە بێهێزی و فەوتان دەپارێزن.
5_ سەرەڕای ئەوەی جووت زمانی و فرەزمانی گەلێک سوودی هەیە، بەلام پەیڕەوکردنی لە قۆناغی بنەڕەتیدا، دەبێتە هۆی لاوازکردن، یان لەناوچوونی زمانی نەتەوە.
6_ دوای ئەوەی فێرخواز لە قۆناغی بنەڕەتی، تەنها بە خوێندنی یەک زمان، ئەویش زمانی کوردی خوێندنەکەی تەواوکرد و زانست و زانیارییەکانی وەرگرت، دوای ئەم قۆناغە زۆر ئاساییە زمانی دووەم بخوێنێت و فێرببێت.

**پێشنیاز:**

1_ پێشنیاز دەکەین، کە دانانی پلان و ستراتیژییەک بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتیدا، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و پسپۆڕانەوە پێویستە، چونکە لە ئێستادا فرەزمانی لە قوتابخانەکانی هەرێم پەیڕەودەکرێت، ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ لاوازکردنی زمانی کوردی لای فێرخوازانەوە و زاڵبوونی زمانی تر بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی بە سەر زمانی کوردی.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی:**

_ ابومغلی، سمیح (2015) شێوازە نوێیەکانی گوتنەوەی زمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ئیبراهیم قادر محەمەد، کۆلێژی پەروەردەی بنیات، زانکۆی سەلاحەددین_ هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

_ أمین، وریا عمر (2023) زمانی کوردی لە ئاستی ڕستەسازیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (551)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین_ هەولێر.

_ ڕەزا، سەردار (2006) کورتە چیرۆک بۆ منداڵان، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، چاپ و بڵاوکردنەوەی نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

_ سەعید، یوسف شەریف (2011)، زمانەوانی، کۆکردنەوەی: نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

_ سەعید، یووسف شەریف (2013) فێرکردنی زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوە، لە کتێبی: یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(200)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ سورخی، رەحیم قادر (2013) مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەک (زمانی زگماکی)، لە کتێبی: یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(200)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ حەمەدئەمین، شنۆ عەولا (2024) پێزی زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەدا، لە کتێبی (زمانی دایک)، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، بەرهەمی دەزگای زمانەوانیی- زانکۆی جیهان.

_ عەلی، تاڵیب حوسێن (2015) دەنگسازی چەند بابەتێکی فۆنۆلۆژی کوردی، چاپی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

_ عەلی، شێرزاد سەبری و عەبدوللا، عەبدولسەلام نەجمەدین (2011)، زمانڤانیا کارەکی، چاپا ئێکی، چاپخانەیا خانی، دهۆک.

_ فتاح، محمد معروف (2011) زمانەوانی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (124)، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ کۆیی، کازم (2011) سایەی زانین(هۆنراوە)، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

_ لێژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی (2010) ڕاسپاردەکانی کۆنفراسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە (2009) سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

_ مەمانی، دلڤین سالح سەلیم (2015) کاریگەری ستراتیجیەتا PRTP ب بکارهینانا هۆیەکا دیتن_ بهیستنێ د دەستکەڤتێ قوتابیێن کچ یێن پۆلا حەفتێ بنەڕەتدا د بابەتێ ئەدەبێ کوردیدا و گەشەپێدانا باش خواندنا هۆزانێ ل دەڤ ئەوان، نامەی ماستەر، کولیژا پەروەردا بنیات_ زانکۆیا دهۆک.

_ محمد، دانا تحسین و رسول، عبداللە حسین (2023) ستراتیژییە ڕاستەخۆییە زمانییەکانی فێربوونی زمانی کوردی وەک زمانی دووەم، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(57)، هەولێر.

_ ناوخۆش، سەلام (2013) زمانی دایک و زاری دایک، لە کتێبی: یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(200)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ وەهبی، تەوفیق (1929) دەستوری زمانی کوردیی، جیزمی یەکەم، دار الطباعة الحدیثة, بەغدا.

**دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

_ اسماعیلي, حافظ و العناتي, ولید احمد (2009)، اسئلة اللغة أسئلة اللسانیات، الطبعة الاولی، دار الامان( الرباط)، منشورات الاختلاف( الجزائر)، الدار العربیة للناشرون( بیروت- لبنان).

_ الحلاق, ایمان محمد سعید حسین (2017) المنهج التواصلي في تعلیم اللغات اللغة العربیة انموذجا, رسالة ماجستیر, كلیة الاداب و العلوم, جامعة القطر.

_ الخطیب, أحمد شفیق (2006)، قراءات في علم اللغة، الطبعة الاولی، دار النشر للجامعات، مصر.

_ الخولي, محمد علي (2000) مدخل الی علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزیع، الاردن.

_ الشمس, خالد حوير (2021) اللسانيات التعليمية: دراسة في المفهوم و التصورات, المجلة الدولية للعلوم الانسانية و الاجتماعية, العدد(26), جامعة ذي قار, العراق.
_ الضامن, حاتم صالح (1989)، علم اللغة، طبع بمطبعة التعليم العالي بالموصل.
_ بشر, كمال (2005) التفكير اللغوي بين القديم والجديد، دار غريب للطباعة والنشر و التوزيع، القاهرة.
_ بن جني, أبي الفتح عثمان (2006) الخصائص ، تحقيق: عبدالحميد هنداوي, المجلد الأول، الناشر دار الحديث، مصر.
_ بوتمر, فتيحة (2022) العلم اللسانية و التعليمية اللغة العربية, الممارسات اللغوية, المجلد (13), العدد (01), جامعة اكلي محند أو لحاج البويرة.
_ جميل, شيرين شادان (2025) فاعلية برنامج متعدد الوسائط قائم على أنماط التعلم الحسي للمفاهيم العلمية و تنمية المهارات الحياتية في مادة الأحياء, ماجستير طرائق التدريس, جامعة صلاح الدين, الطبعة الاولى, دار صفاء للطباعة و النشر و التوزيع, عمان.
_ كرامش, كلير (2010) اللغة والثقافة, ترجمة: أحمد الشيمي, مراجعة: عبد الودود العمراني, الطبعة الاولى, الناشر: وزارة الثقافة والفنون والتراث، قطر.

**سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:**

_ Brown, H., D., (2007), Principles of Language learning and Teaching, Fifth edition ed, New Jersey, Pearson Education.
_ CRYSTAL, D., (1992), An encyclopedic dictionary of language and languages, first published, Blackwell published.
_ Denham, K. and Lobeck, A., (2013) Linguistics for Everyone An Introduction, 2nd edition, WADSWORTH CENGAGE Learning, Printed in the United States.
_ MATTHEWS, P. H., (2011), Oxford, concise dictionary of linguistics, second edition, Oxford university press.
_ Mogapi, M., (2016), Examinations Wash Back Effects: Challenges to the Criterion Referenced Assessment Model, Journal of Education and e-Learning Research, 3(3).
_ Shareef, N. G., (2024), Kurdish EFL Students' Perceptions towards AI- Powered Platforms for Learning English Grammar, ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS), Vol. 28 Issue3, ID NO. 1875, pp(321 _ 333).
_ Tosimpak, H., (2022) الفكرة عن علم اللغة التربوي في تعليم اللغة الثانية, Tafhim Al-‘Ilmi: Jurnal Pendidikan dan Pemikiran Islam, Volume 13, ISSN: 2252-4924, e-ISSN, IAIN Palopo.

**چوارەم: سەرچاوەی ئینتەرنێت:**

_www.alukah.net, 17/3/2021. السيد العربي يوسف, (2016), علم اللغة التطبيقي و تعلمية اللغات, الألوكة.

**دور علم اللغة التربوي في تعليم اللغة الكوردية، مرحلة الأساس أنموذجاً**

**أمير محمد محمدأمين**
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية– مخمور ، جامعة صلاح الدين– أربيل,
أقليم كوردستان, العراق
amir.muhammadamin@su.edu.krd

**الملخص**

هذا البحث عنوانه (دور علم اللغة التربوي في تعليم اللغة الكوردية، مرحلة الأساس أنموذجاً)، تأتي أهميته في تركيزه على ضرورة أن تكون لغة الدراسة في مرحلة الأساس اللغة الكوردية وحدها في جميع المواد الدراسية، وذلك وفق مبادئ علم اللغة التربوي مثل (تعلم اللغة، المناهج، علاقة الطالب بالمعلم، البصر والسمع، الكلام، القراءة والكتابة، وغيرها).

تشمل حدود الدراسة مدارس مرحلة الأساس (الدائرة الأولى و الثاني) أي من الصف الأول إلى الصف السادس، وعناصر البحث تتكون من اللهجة الوسطى لأن المنهج يطالب تعليم الطلبة في هذه المرحلة قراءة وكتابة اللغة الكوردية على نحو تام، وعلى هذا الأساس اعتمدنا المنهج الوصفي التحليلي في ضوء مبادئ علم اللغة التربوي و إن دور علم اللغة التربوي في عملية التعليم الأساسي في إقليم كردستان هو دور المتعلمين والمعلمين وحكومة إقليم كردستان.

**الكلمات المفاتيحية:** علم اللغة التربوي، الطلبة، تعلم اللغة، اللغة الكوردية، التعليم، ومدس ذات المهارة اللغوية.

**The Role of Educational Linguistics in Kurdish Language Learning: The Basic Stage as A Sample**

**Amir Muhammad Muhammadamin**
Department of Kurdish language, College of Education_
Makhmour, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
amir.muhammadamin@su.edu.krd

**Abstract**

This research is entitled (The Role of Educational Linguistics in Kurdish Language Learning: The Basic Stage as a Sample). The importance of this study is in giving priority to teaching all subjects through Kurdish language as it asks for using Kurdish language as a medium of instruction in the primary stages on the principles of educational linguistics, such as (language learning, curriculum, student-teacher relationship, sight and hearing, speaking, reading and writing, etc).

The scope of this study includes primary schools (circle one and two) composing of the first grade of primary school up to the sixth grade of primary school and its materials within the framework of the central Kurmanji dialect. The study requires that the students in the primary stage in the Kurdistan Region of Iraq from the perspective of educational linguistics perspective to be entirely taught Kurdish in terms of reading and writing. Therefore, the descriptive analysis approach in the light of the principles of educational linguistics has been followed and the role of educational linguistics in the primary education process in the Kurdistan Region is that of learners, teachers and the Kurdistan Regional Government.

**Keywords:** educational linguistics, learner, language learning, Kurdish language, teaching and competent language teacher.